# ژن لەدیدی خێڵەوە

**حەمەفەریق حەسەن**
hemefarik@yahoo.dk



گەوی پێنجەم

**کاریگەری خێڵی عارەب**:

زۆرێک لەو کلتوورەی ئێمە هەمانەو پەیڕەوی دەکەین، دەکرێ پێبڵێین کلتووری زۆڵ! بەو مانایەی لەبنەڕەتدا هی ئێمە نەبووە، بەڵکو لەلایەن داگیرکەرانەوە دزەیکردووەو پەڕیوەتە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریی. لەم ڕووەوە، واتە یەک لەباری بۆ ژن ڕوانین، کاریگەریی زۆری کلتووری پاشفەڕۆی عارەبمان لەسەرە. (ئێمە لێرەدا باس لەکلتوور دەکەین، دەنا میللەتان هەموویان لەیەک ئاستدان.) ئەوان بەرلە سەرهەڵدانی ئیسلام ساوای کچیان زیندەبەچاڵ کردووە نەبادا لە تالان و بڕۆو جەنگی بەردوامی نێوان خێڵە پەڕاگەندەو نەیارەکاندا شان کورتییان بەسەردا بهێنێ. هەرچەندە ڕۆژێک لەڕۆژان زیندەبەچاڵکردنی ساوای مێینە نەبووە بەشێک لە کلتووری کورد.

کورد سەدان ساڵە بندەستی عارەبە، کەلە ڕووی شارستانییەوە، لەچاو سەردەمەکەدا لەدوایە. هەمیشە گەلی بندەست لەبن کاریگەریی گەلی سەردەستدایە. هەر لە ئەنجامی ئەم بندەستییەوەیە، کە زۆرینەی کورد بەزمانێک دەدوێ و گۆرانی دەڵێ؛ کەچی بەزمانێکی دیکە نوێژو خواپەرستی دەکا! بۆیە زمانی دووەم و خاوەنی زمانی دووەم، کە کورد فەریزەتەکانی خۆی پێ ئەدادەکا، هەندێ لە ناجۆری و نەرێنییەکانی خۆشێ بەدیاری بۆ هێناوین؛ یان ڕاستتر وایە بڵێین بەسەردا سەپاندووین. دواتر لەگەڵ تێپەڕینی زەماندا، هەمان ئەو کلکتوورەی ئەوان لەلای ئێمەش جێگیربووە. بەڵکو سەرەنجام بۆتە بەشێکی دانەبڕاویش لە کلتووری ئێمەی کورد.

ئەگەر گەلی سەردەست لەڕووی ژیارییەوە، وەک گەلانی خۆرئاوا لەپێش بوایە، ڕەنگە ئێمەش شتێکی لێوە فێرببووینایە. دەمەوێ بڵێم ئێمە وەک خۆمان لەدواین داگیرکەرانیشمان هەر لەدوابوون و نەرێنی کاریان تێکردووین. مادامەکی کورد خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی نەبێ و گەلێکی ژێردەست بێ، ئەوا هەردەبێ لەبن کاریگەریی داب و نەریتی گەلی سەردەستدا بمێنێتەوە.

سەرنج بدەن و بزانن (( عزيز جاسم الحجية))، کە لە نەتەوەی سەردەستی گەلانی عێراقە، لە ژمارە (8336) ی ڕۆژنامەی (الجمهورية) ی ڕۆژی 1992/11/10 دا، بە ناونیشانی (ولادة الابن البكر)، واتە: لەدایکبوونی کوڕی نۆبەرە، ڕوونی دەکاتەوە، کە دەوروبەری ساواو تەنانەت خودی دایکی ساواکەیش چلۆن پێشوازیی لەم ڕووداوە دەکەن؟ ئەو نووسوێتی: کەس و کارو دەوروپشتی ساواکە پێشدەستی ئەم شیعرە میللییە دەڵێن:

شنوگە یا شنوگە
یا بطيخ بعروگە
أم الولد فرحانە
وأم البنت مخنوگە

دایکی ساواکەیش دەڵێ:

يوم گالولي أبنية
الحايط أتفلش علي

ویوم گالولي الولد
ضحکت الدنیا لي!!!
هەژاری موکریانی لەسەرەتای کتێبی (( مێژووی ئەردەڵان)) دا نووسیویە: (( کیژی کورد هەر هاتۆتە ناو دنیاوە، باوک ناوچاوی تێناوە؛ داڵک ڕووی لێ وەرگێڕاوە و بە نیشانەی قەرەبەختی و چارەڕەشیی خۆی زانیوە. زۆر کیژە کورد ناویان شوکرییە، حەمدییە؛ بەسێ و ئامان و ئینتیها و نیهایەتن. هەر ئەم ناوانەش شایەتن، باوک کیژیان ناگەرەکە و پێی ناشکورن.. هەر پێشگەیشت، برای مافی ئەوەی هەیە وەک کاڵا و ئاژاڵ و وڵساتی خۆی لێ بڕوانێ؛ دەیبەخشێ یان دەیفرۆشێ، یان ژن بەژنەی پێ دەکا، بەشی خۆیەتی و ڕەوایە.)) ل/12 ـ 13.
بەڵام هەژاری موکریانی ئاماژەی بەوە نەداوە، کە هەموو ئەو ناوانەی ئەو بەنموونە هێناونییەتەوە، بێجگە لە ((بەسێ)) هەموویان بەڕچەڵەک عارەبین و ئاینەکەمان، کە لە زمانەکەمان ناچێ؛ بەزەبری خڕژنی شمشێرو بەسەر پشتی ئەسپە خۆشبەزەکانیان بۆیان هێناوین و پێکهاتە سەرەکییەکەی سەر بەمێنتەلێتی نەتەوەیەکی دیکەیە. بەخۆشی خۆمان بێ یان بەناخۆشی کاری کردۆتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان، بەناونانی منداڵەکانیشمانەوە. دەنا کوا لەلیستی ناوی نوێی کوردیدا، کەلە دیدو ئاوەزێکی نوێوە سەرچاوەیگرتووە ناوەیلی بێمانای وەک: (( ئینتیهاو نیهایەت و کافییە و حەمدییەو شوکرییە...)) جێیان دەبێتەوە؟
باسمان لەوەکرد، کە گوایە [ژن هەموو گیانی عەورەتە] ئەم ئیدیۆمەش بەهۆی ئیسلامەتییەوە وەک خۆی لە زمانی عارەبییەوە هاتووە. فارس و تورک و گەلانی دیکەی موسوڵمان هەر هەمان وشە بەکاردێنن و ئەم وشەیە بە زۆری زۆردارەکی خۆی خزاندۆتە نێو فەرهەنگی زمانیانەوەو لە مامەڵەی ڕۆژانەشیاندا وشەیەکی زیندووەو بەردەوام بەکاردەهێنرێ. لە زمانی کوردیشدا وەک هەموو زمانەکانی دیکەی دەوروبەرمان بەرامبەری نییە. چونکە عەورەت، بە زمانی عارەبی ئەندامی زاوازێی نێرو مێش دەگرێتەوە. باشە ئافرەت کاتێ لە چێشتخانەیەکدا نان دەخوات خۆ ئەویش وەک پیاو عەورەتی بۆ پاروو گلاندن بەکار ناهێنێ، ئیدی لەپای چی لەکاتی نان خواردنیشدا نابێ تێکەڵ بە پیاوان ببێ؟
هەروەک تاکو نهۆ، لە شارە گەورەکانیشدا بە (عەیب) شوورەیی و ناجۆر بۆی لە قەڵەم دەدرێ ئەگەر هاتو کچۆڵەیەکی قوتابی برسی بێت، لاسایی کوڕ بکاتەوەو بەدەم ڕێوە بابۆڵەیەک بەدەستەوە بگرێت! ئایا ئەم جۆرە فشارە، ئەم هەموو چەمک و ڕوانینە کەچ و چەوتانە بۆ مێ، سەرەنجام لە تواناو بەهای مرۆڤانەی ئافرەت کەم ناکەنەوە؟
ئایا زەین و ئاوەزی بەرەو پووکاندنەوە پاڵنادەن؟ دەسا لەگەڵ هەموو ئەم سەرنجە نەرێیانەشدا، کە کوڕانی خێڵ لە هەمبەر توخمی مێ هەیانە، کەچی کاتێ دایک و باب دەچنەساڵەوەو توانای جەستەییان لە کورتی دەدات، هەردەم کچەکانیان زیاتر بەتەنگیانەوەن هەتا کوڕەکانیان. بەڵێ وایە، کچی کورد بەوەفاترە بۆ دایک و بابی هەتا کوڕی کورد!
ئەوی ڕاستی بێ لەم ڕووەوە، لایەنە دواکەوتووەکەی ئەقلییەتی عارەب بە هۆی دراوسێتی و ئایینی هاوبەشەوە، کاریگەریی لەسەر خێڵەکیی کورد ئەمەندە زۆرە، برێ جاران جیاوازیی نێوانیان هەست پێناکرێ. (( لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە بەدرێژایی ئەم کتێبە باس لە عارەب وەک میللەتێک ناکەین. بەڵکو مەبەستمان پێ هەندێک لایەنی تاریکی کلتووری ئەوانە، کە بۆتە بەشێک لە کلتووری ئێمەش. چونکە هیچ گەلێک لەوی دیکە بە مەزنتر نازانین. دەنا کلتووری ئەوانیش وەک کلتووری گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەشی ئەوەندە لایەنی ڕووناکی تێدایە، ئاماژەی پێبدرێ.))
خێڵەکیی عارەب هەر بەڵایەکیان بەسەردا بێ، هۆکارەکەی دەبەنەوە سەر ڕەگەزی مێ و ئەوی پێ تاوانبار دەکەن. هەمیشە پیاوانی خاوەن ئەقڵییەتی ڕەشماڵ، دەستە چەورەکەی خۆیان بە ئافرەت دەسڕن و دەڵێن: (( کل بلیة سببها ولیة)). واتە: هەر بەڵایەک ملی بگری مێینە لێی بەرپرسە! جگە لەوەی ژن (( هەموو گیانی عەورەتە)) ژن ناتوانێ نهێنی بپارێزێ و قسە لە زاریدا ناوەستێ.. کاڵفامە و بێهێزو توانایە. گوایە هێز سیفەتێکی پیاوانەیە. لە کاتێکدا هەرلەم دۆڵی میزۆپۆتامیایەدا، کە نیشتمانی ئێمەیە، مێژوو نێوی چەندین ژنە خواوەند دەهێنێ وەک خواژنە عەشتاری

بابلییەکان و خواژنە ئینانای لەمەڕ سۆمەرییەکان و باسی توانای لە ڕادەبەدەریان دەکا. ئەم ژنەخواوەندانە سەردەمێکی دوورو درێژ لەلایەن باپیرانی ئەم خەڵکەی ئێستاوە کڕنووشیان بۆ براوەو لەبەری هەڵلەرزیون و قوربانییان بۆداون!

لە دیدی پیاوی خێڵەکییەوە مێ خاوەنی جەستەیەکی سەرنج ڕاکێش و جوانە و هیچی تر. بەڵام ئەم جەستە جوانە بێ هۆش و گۆش خەلق بووە. جالەبەر ئەوەی بێ ئاوەزە، کەواتە پیاو بۆی هەیە بەهەق و ناهەق داپڵۆسێت و سزای بدا. ئەم دوو سیفتە نەرێنییەش، کە بە بنەچە عارەبین (( ناقص العقل و ضعیفة)) کە بەکوردییەکەی دەکاتە ((ئاوەزناتەواو و زەبوون))؛ دەقاو دەق هاتوونەتە نێو ئێمەی کوردەوەو بوون بە بەشێکی لێدانەبڕاوی کلتوورو ڕۆشنبیریمان.

هەر وەک چوونەتە فەرهەنگی هەموو ئەو گەلانەوە، کە بوونەتە ئیسلام. بۆیە ئەو پیاوە کوردە، تورکە، فارسە، بلوجە، پشتووە، بۆسنییە، ئۆردووەشی... هتد کە یەک ڕستەش عارەبی نەزانێ ئەم ئێدیۆمە سەقەتەی وەک بولبول لەبەرە.

بێئەوەی لەخۆی پرسیبێ: باشە ئەگەر ئافرەت ئەم هەموو سیفەتە ناجۆرو نەرێیانەی لەخۆیدا هەڵگرتبێ، ئیدی چۆن لە داوێنی ئەوەوە پیاوی ئازاو خاوەن ئاوەزو بەخشندەو هوشیارو سەرکردەو پیاوچاک و پێغەمبەران دەکەوێتەوە؟

گەورە شاعیری سەردەمی جاهیلی ((جەریر)) لە چامەیەکی گوایە زۆر بەناوبانگی خۆیدا لە باسی ئافرەتدا وتوویەتی:

((ئافرەت بێهێزترینی خەڵقندەی خودان، کەچی بەو حاڵەشەوە دەکارن ئاوەزداران وێران بکەن.))

یصرعن ذا اللب حتی لا حراک بها

وهــن أضعف خــلق اللــه أرکــانــا

هەر بۆیەکا بێهێزی و بێدەستەڵاتی خەسڵەتێکی ژنانەیە. پێچەوانەکەشی ڕاستە.. واتە هێز خەسڵەتێکی نێرانەیە.. کە باس هاتە سەر شیعر، پێم باشە بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتری خوێنەری کورد، باسی ئەوەیش بکەین، کە لەکن شاعیرانی عارەبی سەردەمی جاهیلی، شیعر نووسین لە خۆیدا دیاردەییەکی نێرانەیەو شیعر نووسین لەسەر پیاو نەزر بووە.. ژن، کە بوونەوەرێکی زەبوون و بێهێزە، بۆی نەبووە داهێنەر بێ، لەکاتێکدا شیعر داهێنانە. تەنانەت ئەم بۆچوونە ئیفلیجە وەک خۆی پەڕیوەتە نێو ڕووناکبیریی کوردیشەوەو تاکو نەو نەمبیستووە کەسێک، بەژنە شاعیرە ورياکانیشەوە، لێی بەدەنگ هاتبێ. ئەوەنییە بەردەوام گوێمان لە واژەی (( کەڵە شاعیر)) دەبێ. دیارە ((کەڵ)) نێرەیەکی تایبەت و بەتوانایە، بۆ ئەوەشە مانگای لێ چاکبکرێ. تاکو توخماتی گاو گۆتاڵ بەردەوام بێ!

لەم ڕووەوە نووسەری هێژا عبدالله محمد الغذامي. لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (( تأنیث القصیدة و القارئ المختلف )) بە دوور و درێژیی باسی ئەم مەسەلەیە دەکات:

(( شیعر شەیتانێکی نێرە، وەک أبو نجم العجلي دەڵێ.. یانژی الجمل البازل ـ ە، وەک فیرەزدەق وتوویەتی. حوشتری بازلیش واتە کەڵە حوشتری تەواو. مەبەستی پێ ئەوەیە، کە شیعرنووسین کاری پیاوانە... بۆیە بەکاری داهێنان وتراوە کەلایەتی و لەبواری داهێناندا مێیایەتی جێی نابێتەوە.

ئەگەر هاتو ژنێکی تاقانەی دەگمەنیش دەرکەوت و هەندێ شیعری نووسی ئەوا هەر دەبێ بکەڵێنرێ! واتە دەبێ بکرێتە کەڵ. ئەم کردەیەش بەوە دەستەبەر دەبێ، کاتێ کەڵە شاعیرێک دێت و شایەتی بۆ دەدات و ددان بەکەلایەتی ئەودا دەنێ و جەختی لەسەر دەکات، کە ئەویش کەسێکی داهێنەرە. واتە لە ژنایەتی دەرچووەو بۆتە نێرە (کەڵ)، تاکو وەک پسووڵەیەکی پشتەوانی بتوانێ پێی بچێتە نێو لاپەڕەکانی دیوانی عارەبەوە، واتە تاکو وەک شاعیر بە فەرمی بناسرێ.. کاتی خۆی ژنە شاعیری تاقانەی سەردەمی خۆی (خەنسا)، ئاوای بەسەرهات و ئەنجام لە سایەی (ستوون!)ی شیعردا جێی خۆی کردەوە..)) ل/17.

دیارە ستوون (عمود) لە خۆیدا ڕەمزێکی نێرانەیە و ئاماژەیە بۆ ئەندامی پیاو، بام ستوونی شیعریش بێت. لە لاپەڕە (29) ی هەمان کتێبدا ئەم باسە سەمەرەیە هاتووە: فیرەزدەق، گەورە شاعیری سەردەمی جاهیلی وتوویەتی: ((

ئەگەر هاتو مریشک وەک کەڵەباب خوێندی ئەوا سەریبڕن!)) گوایە کاک فیرەزدەق لەم فەرمایشتەیدا مەبەستی لە ژنە شاعیرێک بووە، پرکێشی کردووەو لاسایی پیاوانی کردۆتەوەو شیعری وتووە!
جێی سەرنجە کوێرانە و بێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە، هەمان ئیدیۆمی [کەڵە شاعیر!] بەبێ کەم و زیادو وەک خۆی، ئێستاشی لەگەڵدابێ، لە لایەن شاعیرو ڕەخنەگرانی کوردیشەوە ڕۆژانە بەکار دێ.. هەروەک هەمان نەریت و بۆچوون تاکو ئێستاش لەناو خێڵە کوردەکاندا ماوە. ئەگەر مریشک لاسایی کەڵەبابی کردەوەو خوێندی، ئەوا لێی ڕاناوەستن و دەستبەجێ سەری دەبڕن. بگرە ئەگەر مریشکێک بخوێنێ نابێ شەوی لێ ڕۆژببێتەوە!!
ئەوەتا بێتەوەی بە خۆشمان زانیبێ سەرچاوەی ئەم بۆچوونە سەقەتەیش هەر دیدی جاهیلییەتی (برایانی) عارەبە. واتە کلتووری بیژییەو لە ڕێگەی تێکەڵاویی و لەشکرکێشیی سەرەتای ئیسلامەوە پەڕیوەتە نێو کلتووری ئێمەی کوردەوە. تا ئێستاش وەک ڕەگی گولی لێمان نابێتەوە..
ئەم نووسەرە هێژایە پێیوایە: یەکەم شاعیرێ توانیبێتی ئەم (ستوونە) شیعرە تێکبشکێنێ، کە هێمای کەڵایەتی و نێرایەتییە ژنە شاعیر ((نازک الملائکة)) یە، ئەویش لە ساڵی 1947 داو، لەڕێی چامەی (( الکولیرا ))وە بوو. هەرچەندە زۆر هەن تاکو ئێستاش ئەم داهێنانە، کە بەحسابی خۆیان تەنیا لەدەست و خامەی شاعیری پیاو چاوەڕوان دەکرێ و دەوەشێتەوە. ئەم (ستوون!) نابوت کردنە، کە ڕەمزی کەڵایەتییە بە نازک الملائکة ڕەوا نابینن! بەڵام ئەوانە باهەر بۆ خۆیان بڵێن.

## جیاوازیی جەستەیی

ئێمە ئەگەر بمانەوێ لە ڕووی هەڵس وکەوت و بەکاربدردنی جەستەیاندا، بەراوردێک لە نێوان نێرو مێدا، بە تایبەتی لەکۆمەڵگەی دواکوتووی خێڵەکیدا بکەین؛ ئەوا ناچار دەبین نووسینێکی دوورو درێژ لەسەر ئەم بابەتە بنووسین، چونکە لە جڤاکی پاشڤەڕۆی کوڕانی خێڵدا نێرو مێ لە گشت چالاکی و کایەکانی ژیاندا بەڕادەیەک لەیەکەوە دوورن، وەک دوو بوونەوەری توخمات جیاواز دەردەکەون، نەک وەک تەواوکەری یەکدی. کەچی لەڕاستیدا جیاوازیی ژن و پیاو هەر ئەوەندەیە، کە ڕەگەزەکانیان جیاوازە. ئەمیان نێرە بەهەموو تایبەتمەندییە جەستەییەکانییەوە و ئەویان مێیە بەهەموو تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مێوە. دەنا بەبێ یەکتر ژیان بەدەوام نابێ. نەنێرایەتی دەستکەوتێکە جێی شانازی بێت؛ نە مێیایەتیش کەم و کورتییە. ژن پێویستە لەهەوڵی پەرەپێدانی ژنایەتی و پیاویش گەرەکە لەهەوڵی پەرەپێدانی پیاوەتیی خۆیدابێ. بۆ ئەوەی تەواو چونیەک و تەواوکاری یەکدی بن. بەڵام ئەمەیان ئامانجی بنچینەیی ئەم نووسینەی ئێمە نییە، بۆیە زۆری لەسەر ناڕۆین..
ژنە نووسەری مەغریبیی (( زینب معادي))، لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی خۆیدا، بە ناونیشانی: جەستەی مێ و خەونی گەشەسەندن (( الجسد الأنثوی و حلم التنمیة))، کە لەسەر هێزی کاری ژنانی شارو لادێی ئەو وڵاتە ئەنجامی داوەو تاڕادەیەکی زۆر لەبارو دۆخی ژنی کوردەوە نزیکە، نووسیویێتی: (( پیاو قیت و ڕێک و ڕاست دەڕوات و سەری بڵند ڕادەگرێ، حیشمەتی ژنیش، بەسەریدا دەسەپێنێ لە تافی ڕۆیشتندا سەر دابخات. لە کاتی نان خواردنیشدا بە تایبەتی لە بەکارهێنانی دەمدا جیاوازن. پیاو پڕ بەزاری نان دەخوات و پاروو دەگلێنێ و بەتەواوی ئازادییەوە هەموو دەمی بەکاردەبا. کەچی لە کن ژن وەها نییە. ئەو تەنیا کۆتایی دەمی بەکاردێنێ وەک ئەوەی هیچ نەخوات بەدیاردەکەوێ. پیاو ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە ئەو کەسەی، کە پێشوازیی لێدەکا، چاو دەبڕێتە چاوی و بەرامبەری دەوەستێ. لە کاتێکدا ژن هەمان جووڵە و بزاڤ نانوێنێ. بەڵکو بەدەم سڵ و شەرم و چەمینەوەوە سەیردەکات. زبری و قیتی و ڕاشکاوی بۆ پیاو لەبەرامبەر نەرمی و پەناگرتندا بۆ ژن.)) ل/32.

ئافرەت گەرەکە هەردەم پۆشتەبێت. واتە پۆشاکی تەواوی لەبەردا بێت. کارێکی نەگونجاوە، ئەگەر لەبەرانبەر غەیری حەلاڵی خۆیدا خۆی بکاتەوە. سینگ و بەرۆک کردنەوەو پووزو بەلەک دەرخستن و نەرمایی باڵ ڕووتکردن، لەئۆرتی کەمدەکەنەوە. مێ گەرەکە هەردەم شەرم لەچاویدا بێ. واتە شەرم یەکێکە لەئاکارەکانی ئافرەتی بەڕێز. کەچی بۆ پیاو شەرم نەنگییە.. ئەوی ڕاستی بێ شەرم دیاردەیەکە لەنوخۆشییەوە نزیکە. لە سۆنگەی چەپاندنی سەردەمی ساوایەتی و منداڵییەوە دووچاری مرۆڤ دێ و لەدنیای نوێدا بۆ ژن و پیاو ناپەسەندە.
ئافرەت لەو کۆمەڵگە پاشڤەڕۆیانەدا، تەنانەت ڕەوت و ڕۆینیشی نائاسییەو لە ڕەوت و ڕۆینی نێر جیاوازە.. د. نەوال سەعداویی لە (( إمرأتان فی إمرأة)) دا دەڵێ: (( لە تافی ڕۆیشتندا بەحاڵ لاقەکانی لەیەکدی جیادەکاتەوە.. ئەگەر جیاشی کردنەوە، ئەوا خێرا و بەهێز ڕانەکانی پێکەوە دەنووسێنێتەوە؛ وەک ترسی ئەوەی هەبێ لە چرکەساتی جیاکردنەوەیاندا شتێکی بەنرخ لە نێوانیاندا بەربێتەوە.. کچە قوتابی ناتوانی بەتەنیا ڕێبکات، بەڵکو ئەوان وەک پۆلە مراویی بەکۆمەڵ بەڕێدا دەڕۆن.))

## دووفاقیی پیاوی خێڵەکی

بەسەرێکی تر، لەمەڕ ڕوانینی پیاوی خێڵەکی بۆ ژن؛ لانی کەم دەبێ بڵێین ڕوانینێکی دووفاقانەی (إزدواجي) هەیە. بەو مانایەی نێر هەتا ژنی نەهێناوە ڕۆژ هەتا ئێوارە بەو هەردەو چیایانەوە، لە داربڕین، لە دیار پەزان، لە مەزراو لەسەر خەرمان و لە ڕاوو شکاردا، گۆرانی بە بالای دەزگیرانەکەیدا دەڵێ. بەخۆی و گوندەکەشییەوە ناوەستێ، بەڵکو دێ لە گۆرانییەکانیدا چی دێهاتی ناوچەکەی هەیە، لەهۆنراوەیەکدا ڕیزیان دەکات و هەموویان بەباب و کەس و کارییەوە بە بەلاگەردانی بالای کچە دڵخواز یان دەزگیرانی دەکا. ئەمە بەرلەوەی بیگوێزێتەوە. وەلێ هەر دوای ئەوەی گواستییەوەو بووبە ژنی ئیدی بە چاوێکی دیکە سەرنجی دەداو هاوکێشەکە بە تەواوی پێچەوانەوە دەبێتەوە.
ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لەخۆیدا ((چەپاندنی سێکس)) ی لەپشتەوەیە، بەلام جارێک لە جاران نەبیستراوە پیاوێکی خێڵەکی شانازیی بە ژنەکەیەوە کردبێ، ئەگەر ئەو ژنە بلیمەتیش بوبێت. بەڵکو ئەو پێی شەرمە لە کۆڕو کۆمەڵدا ناویشی بهێنێ. هەمیشە ژن شانازیی بە مێردییەوە دەکا. لەو هەموو پشی پشی و دڵسۆزی و خۆشەویستی دەربڕینەی قۆناغی دەزگیرانییەوە بۆ بەندکردنی لە نێوان ژووری مووبەق و ژووری نوستنی تافی پێکەوەنانی خێزان.
زۆرێکیش لەو پیاوە خێڵەکییانەی هەمیشە باسی شەرەف لەسەر زاریانەو دەم لە پاکداوێنییەوە دەدەن، بۆخۆیان ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێ بستی بەقەرز نادەن. ئەوان هەردەم بۆ نێچیرێک چاودەگێرن و ئەوەی نەشێ دەیکەن. واتە ئەمکارە تەنیا بۆ ژن و منداڵ و خوشکانی خۆیان قەدغەیە و ئەم خۆی ناگرێتەوە.

## حیشمەت، تایبەتە بەژن:

(( سمیە نعمان جسوس )) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی ((بلا حشومە)) دەڵێ:(( مێینە دەبێ بەحیشمەت بێ. واتە گەرەکە بەحەیاو سەلارو شەرمن بێ. حشومەت لەشێوەی دەمامکێکی ئەستووردا بەدیاردەکەوێ، کە دوو جیهانی تەواو ناکۆک لەیەک دادەبڕێ. جیهانێکیان دابونەریت حوکمی دەکات؛ بوارێکی بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوە تاکو وەک تاکێکی ئازاد لە نموونە کۆمەلایەتییەکە، بوونی خۆی بسەلمێنێ. ل/11))

لەلای خۆشمان کچی شەرمن شارێک دەهێنێ. وەلێ کوڕی شەرمن دەهێنێ پوولێک. واتە بانێکەو دوو هەوا. هەمان ئاکار بۆ مێ ئەڕێنیەو بۆ نێر نەرێنییە. پەندەکەی لای ئەوانیش (( إمرأة بلا حشومه بحال طعام بلا ملح)) واتە (( ژنی بێ حیشمەت. چێشتی بێ خوێیە))

کیژ لەماڵەوە لەگەڵ دایکیدا ژیان بەسەردەبا. پێچەوانەی نێر، کە ((بای دەرەوەیە)).. ئەو کیژەی بەزۆریی لە دەرەوە ببینرێ پەسەند نییە و پێیدەڵێن ((سەر بەدەرەوە بوو!.. حەلاو بازاڕیی!)) زۆرن ئەو کچانەی لە شارەکەی خۆیاندا هەتا ڕێی قوتابخانە شارەزان. ئەگەر چەند کیلۆمەترێک لە ماڵی خۆیان دووریان بخەیتەوە ئیدی لەوانەیە ون ببن و ڕێ دەرنەبەن. ئەوان تەنها لەگەڵ تێکڕای خێزاندا، یان دەبێ نێرینەیەکیان تەکبخرێت ئەوجا لەماڵ دەربچن؛ ئەگەرچی ئەو نێرینەیە منالێک و کچەکەیش قوتابییەکی زانکۆ بێ! ئافرەت دەبێ کەمدوو بێ. بەشەرم و حەیابێ. هەمیشە خۆی بداتە پەناو چاو هەڵنەبڕێ. بەڵکو دەبێ چاو دابخا و بەدەنگی نزم بدوێ و قاقا پێنەکەنێ. لە قسەی پیاودا هەڵنەداتێ. ڤیگین دەڵێ: (( لەلای کوردانیش وەک لەکن ئەرمەن، بووک بۆی نییە هەتا سالانێکی درێژ قسە لەگەڵ خەزوورو خەسوویدا بکات و ژنان بەحیا لە پیاوان نان دەخۆن. ل/152))

مێینە ئەگەر نەختێ زیتەڵەبێ پێیدەڵین: ((نێرە بێکێرە!)) چونکە زیتەڵەییش هەر سیفەتێکی نێرانەیە. مێ دەبێ هەردەم سەری خۆی کزبکات. ئەو دەبێ هەردەم لە خزمەتی باب و براکانیدابێ. بچووکترین برا بۆی هەیە بەسەر گەورەترین خوشکدا بخوڕێ و فەرمانی بەسەردا بدا. خزمەتکردنی برا ئەرکی سەرشانی خوشکە؛ نەک هاوکاریی نێوان ئەندامانی خێزان. هەر کاتێکیش بۆ شووکردن ماڵی جێهێشت ئەوا وەک بە درێژایی تەمەنی لەو ماڵەدا کارەکەر بووبێ؛ مەگەر بە دەگمەن دەنا هیچی ئەوتۆی لە مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵ دواناخەن و پارچە زەوییەکی بە ناوەوە تۆمار ناکەن. بەڵکو وەک سڵقی ڕووت، یان وەک ئەوەی لە درزی دیوارەوە دەرهاتبێ، دەست بەتاڵ بەڕێیدەکەن.

ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ژن وەک هەموو گیانی (عەورەت) بێ وایە. کاتێ پێکەوە لەگەڵ پیاوەکەیدا گەشت دەکەن و لە ڕێ، بۆ تاوێک حەسانەوە لادەدەن، دەبێ کەناربگرن و بەحیا لەبەشی تایبەت بەخێزان دابنیشن و نان بخۆن. لە شارە گەورەکانیشدا بەشی تایبەت بەخێزان هەیە. ئەمەش مانای وایە تەنانەت لە خواردنیشدا بۆی نییە وەک پیاو بە ئازادی دابنیشێ و هاوشانی پیاو بێ. سەیر ئەوەیە ئەم دیاردەیە بۆتە دۆگماو گۆڕانی بەسەردا نایەت. وەچەی نوێ لەباب و باپیرانیان مکوڕترن. لێرە لە شاری کۆبنهاون و لەسەر ڕاستە شەقامی (( نۆرەبغۆ)) و لە ساڵی 2006 دا، چێشتخانەیەک بەناوی ((مشوار)) ەوە هەیە. بەخەتێکی پان و پۆڕ لەسەر جامخانەکەی نووسیوە (( جناح خاص للعوائل!)) تۆ بزانە ئەو برا عارەبە لەو لمستانەوە ئەو کلتووڕە سەقەتەی بەکۆڵدا داوەو لەم جەرگەی ئەوروپایەشدا دەستبەرداری نابێ!

زۆر خێزانی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا لەوانەی، کە هێشتا هەر لەژێر هەژمونی مێنتەلێتی خێڵدان، هەرکە کچیان دەبێ ئیتر سەری دنیایان لێ دێتەوەیەک. بۆیە هەرکە کچەکانیان نەختێ پێتەکەبوون، ئیدی دەستبەرداری ئەوروپا دەبن و بەیەکجاریی دەگەڕێنەوە کوردستان. لەڕاستیدا زۆرێک لەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە، لەترسی ئەوە بووە نەبادا کچەکانیان لاسایی کچانی ئەوروپا بکەنەوە، بۆی فرێند (کاستە) پەیدا بەکن و بچنە دیسکۆو شانکورتییان بەسەردابێنن. یان نەبادا بە ئارەزووی خۆیان نەک باوکیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن. تاکو نهۆ لەسەر ئەم کێشەیەش لە کوردانی باشوورو باکوور چەند کیژۆڵەیەک بەدەستی باب و برای خۆیان بوونەتە قوربانی. بۆیە چاری ئەو خێزانانە گەڕانەوەی پێشوەختە بۆ باوەشی نیشتمان!

ئەو خێزانانە پارەو کارو خۆشگوزەرانیی ئەوروپایان گەرەکە بەڵام دابو نەریتەکەی ڕەتدەکنەوە. ئەوان لەوە ناحاڵین، کە منداڵەکانیان مادام لەئەوروپا هاتوونەتە دنیاو لە دایەنگەو باخچەی ساوایانەوە لەگەڵ منداڵی ئەوروپاییدا گەورە دەبن و دەخوێنن و هەڵس و کەوت دەکەن، ئیدی مانای وایە ئەوان تەواو جیاوازن و بوونەتە خاوەی کلتوورێکی دیکەو فڕیان

بەسەر کلتووری خێڵەکوردەوە نەماوە. ئەوان کیژی سەردەمی هەقایەت نین. ئیدی وەک ئەورووپایی، سەفەر دەکەن و لەماڵ دووردەکەونەوە. دەچنە سینەماو شانۆو پێوستیش بەوەناکات برایان تەکبخرێ.
ئەوان چیدی کچە کوردە شەرمنەکەی سەردەمی دایک و نەنکی خۆیان نین. ئەگەر بەکوردیی بدوێن و خۆیان بەکورد بزانن و شتێکیش لەکلتووری کورد پەیڕەوبەکەن، ئەوە مانای وایە لە گوێڕایەڵیی و وەفای خۆیانەوەیە بۆ پاشخان و بنەچەکەیان. خۆ ناکرێ بەزۆری زۆردارەکی بیانپێچیتە دابونەریتێک، کە ئەوان پێی ڕانەهاتوون، لەگەڵ مێژووشدا ناکۆکە، تۆزی لێنیشتووەو شیاوی دێرینخانەکانە.

## گەلەکۆمەکیی دێن و خێڵ لەسەر ژن:

هەمیشە ئایین و خێڵ لە مەسەلەی چەوساندنەوەی ئافرەتدا کۆک و هاوکارو بەیەکدا چوون. ئیسلام لەو سۆنگەیەوە ژن بە نیوە مرۆڤ دەقەبڵێنێ، گوایە مێینە زەینکوێرەو زوو شتی بیردەچێتەوە، بۆیە دوو شایەتی ژنی بە شایەتێکی پیاو حساب کردووە؛ ئەگەرچی تاکو ئێستاش هیچ بەڵگەیەکی زانستیی ئەوتۆ، کە بتوانێ ئەم بۆچوونە پشت ڕاست بکا، لە بەردەستدا نییە. وەکیدی لە مەسەلەی میراتگریدا پیاو دوو هەندەی ژنی بەردەکەوێ. بەکورتی ئافرەت لەکن ئیسلام لەتە مرۆڤە..
ئەوی ڕاستی بێ ئیسلامە بەراییەکان، کە هەر هەموویان کوڕانی خێڵ بوون، لە نیمچە دورگەی عارەبەوە، بە سواری ئەسپە خۆشبەزەکانیانەوە، بە هاوکاریی شمشێرە تیژەکانیان توانییان لەپاڵ ئاینی ئیسلامدا جەهالەتی خێڵەکییانەی خۆشیان بگەیێننە ناوەڕاستی ئەورووپاو تاکو ئێستاش، ئەو جەهالەتە کاریگەریی لەسەر ئەو گەلانە، بە کوردیشەوە هەر ماوەو بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە کلتووری هەموو ئەو گەلانەی کە بوون بەئیسلام. ئەوی ڕاستیبێ، چونکە سەرپاکی ئاینەکان ڕابەرانیان پیاو بوون، بەلای پیاویشدا دایدەشکێنن.
لەم کاریگەرییە نەرێنییەدا، ژنی کورد بەشی شێری بەرکەوتووە. پیاوەیلی خێڵەکیی کورد زۆریان پێخۆشە هەرچی لە سەرچاوەکانی ئاینی ئیسلامدا، بە قورئان و فەرموودەکانەوە، بەڕاو بۆچوونی ئیمامەکانەوە، ئەوەی سەبارەت ئافرەت هاتووە بەزیادەوە جێبەجێیان بکەن و یاسا نەنووسراوەکانی خێڵیشیان بخەنە بان. کەچی زۆرێک لەو بڕگانەی بە خودی پیاوەوە پەیوەستن، بەدەیان بیانوو و فێڵی یاسایی ((حیلە شەرع)) خۆیانی لێدەدزنەوە.
هەموو ئەوانەشی باوەڕیان بە ئیسلام نییە یان بڕوایان پێی لەقە، وەک هەنگیان لەکلۆرەداردا دۆزیبێتەوە، ئەم ئایەت و فەرموودانە بەچاکەی خۆیان ڕاڤەدەکەن و لێیان بەهرەمەند دەبن. واتە ئەوان ئایەتەکان لەدەقی پیرۆزەوە بۆ عورف و عادەت و ترادشیۆن دەگۆڕن و پشتاوپشت بەناو مێژوودا دەیانهێنن و دەستبەرداریان نابن.
هاشم ئاکرەیی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (الأسس النفسیة و الأجتماعیة للقبائل الکردیة) دەڵێ: (( جڤاکی خێڵەکی دان بە گرێبەستی زەواجدا نانێ هەتا هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و شارستانی بڕیاریان لەسەر نەدابێ. ل/129))
ئەم بۆچوونەی ئاکرەیی تەواو ڕاستە. هەر بۆیە، ئەگەر هاتو ژنێک بە تەنیا لە لایەن ((مەلا))وە مارەبڕدرابێ ئەوا، بە مەبەستی داشکاندنی ڕێزو نرخی ئەو ژنە پێیدەڵێن: ((بە لاکۆڵان مارەیان بڕیوە!)) لە کاتێکدا پێوەندی ژن و مێردایەتی گرێبەستێکە بە حوسن و ڕەزای هەردوولا بەڕێوە دەچێت. بە ئاشکرا چێدەبێ و بە ئاشکراش هەڵدەوەشێتەوە. ئیدی چ پێویستییەکی بەم هەموو گرێ و گۆڵە هەیە؟ تەنیا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، جا مەلابێ یان شارەوانی یان قازیی، بەسە بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەم گرێبەستە.
ئەوی ڕاستی بێ، تەواوی ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، بەفۆلکلۆرو عورف و عادەت و کلتووریشەوە، پاتریارکاڵن و جەخت لەسەر نابەرابەری ژن و پیاودەکەن. بەرابەریی ژن و پیاو مەگەر تەنیا قسەوباسی نێوان ژمارەیەک ڕۆشنبیربێ.

دەنا کێشەکە گەلێک دژواریی تێدەکەوێت ئەگەر پیاو هەم ئاینی بێت و هەم خێڵەکی. چونگە ئایین و خێڵ هەردولایان پێیان وایە چاکترین چارەسەریان بۆ پاراستنی خێزان لەگوناهەکان و بەردەوامبوونی خێزانی بەختیارو پاکداوێن پێیە، کە ئەویش لە پەیڕەوکردنی ئایەت و فەرموودەکان بەلایەک و پاراستنی کلتووری خێڵ بەلایەکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە. هەردوولاشیان، واتە ئاین و خێڵ لەسەر سەپاندنی تەواوی سزا نووسراوو نەنووسراوەکان دەرهەق بەژنی لە ڕێنمایی لادەر، کۆک و تەبان و موو بەبەینیاندا ناچێ.

شتێکی بەڵگەنەویستە، کە جڤاکی خێڵی دووره زانست و مەعریفەت و ئامرازەکانی پێوەندیی هاوچەرخ؛ لەکەش و هەوای ئامادە نەبوونی دامودەزگەکانی عەلمانییەتدا. هاتووە لەپاڵ دابونەریتەکانی خێڵدا، ئاینی بەسەرچاوەی سەرەکی ڕەوشت و مەعریفەت پەسەندکردووە. ئاین بەڕادەیەکی ئەوتۆ کاریگەریی هەیە، ئامادەیی بەردەوامی لە کایەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەبەرجەستەیی دیارە. کتێبی پیرۆزی ئاسمانیش، لە قورئان و میسحەفەڕەش و کتێبی پیرۆزی کاکەییان، جا ئەو تاکە، سەر بەهەرکامیان بێ، ئەوەیانی بەلاوە کتێبی یەکەمە، چونکە سەرچاوەیەکی پیرۆزە. چونکە لەئاسمانەوە، لە تەرەف یەزدانەوە هاتووە. بۆیە هیچ گەنگەشەو دانوستان و چارەسەرێکی مامناوەندیی هاڵناگرێ.. شەرعیش لە کتێبی پیرۆزی ئاینییەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەگەر کێشەیەک لەنێوان ژن و مێرددا ڕوویدا و چارەسەری بڕێ سەخت بوو؛ ئەوا ئاساییە ئەگەر پیاوی ئاینی بکەوێتە نێوانەوە. کەواتە ئاین کاریگەریی خۆی لەسەر مگێزی تاکیش داناوە. کەواتە دابونەریت لەپاڵ ئایندا دوانەی ڕێکخستنی پێوەندییە ناوەکییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵن.

بەڵام هەندێ جاران لەهەمبەر چەوساندنەوەی ژن، خێڵ مکوڕترە هەتا ئایین. ئەگەر ئایینی ئیسلام لە پرسی میراتدا ژنی بە لەتەمرۆڤ حساب کردبێ و نیو پشکی پیاوی پێڕەوا بینیبێ، ئەوا خێڵ و سیستمتی دەرەبەگایەتی هیچی پێڕەوا نابینێ. برۆنەسن دەڵێ: ((خێزانە خاوەنملکە دەوڵەمەندەکانی پێدەشتەکان، چاویان لەوەیە سەرتاسەر ملکەکانیان بەدەستەوە بمێنێتەوە و دەستووری میراتیی لەت و کوتیان نەکات. لەوێ میراتیی بەنێرینە دەبڕێت و ملکی لەباوانەوە بەجێماو دەکەوێتە دەستی بەتەمەنیترین و بەدەستەلاتترین پیاوی بنەماڵەکە، چۆن خۆی بەچاکی بزانێت، ئاوەها داهاتی بەسەر خزم و خوێشانیدا دابەشدەکات، یانی ئیدی هەموو چاو لەدەستی ئەوون.. ئاغا و شێخ و دەوڵت، ل/106 ـ 107))

خێڵ، ژن مایەپووچ بەرێدەکات و هیچ حسابێکی بۆ ناکات. بە سەرێکی دیکە. لە ئاینی ئیسلامدا سزای ژنی زیناکار سەد جەڵدەیە، کەچی تاکی خێڵەکی بەوەندە لێخۆش نابێ و خوێنی دەڕێژێ.

جێی باسە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 هیچی وای لە کێشەی چەوساندنەوەی ژن نەگۆڕی. بەڵکو کوشتن لەسەر پرسی شەرەف زیاتر بوو. ڕەنگە هۆیەکەیشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە چەک بەمەعافی کەوتە دەست هەموو کەسێک، تەواو وەک تەباخ و ڕادوێ و تەلەڤزیۆن بوو بە بەشیک لە پێداویستییەکانی ماڵ و خێزان. ئەوەش لەولاوە بووەستێ، ئەو بنکە کۆمەڵایەتییانەی، کە حیزبەکان لەودیو یاساوە دایانمەزراندوون ئامادەن بکەونە نێوان هەموو ئەم مەسەلانەوە و بەئاسانی مەسلەت لەنێوان خاوەن هەق و تاونباردا چێبکەن. بەواتایەکی دیکە، ئەم بنکانە شکۆیان بۆ یاساو دادگا نەهێشتووە.

چیدی ترسی لێپرسینەوەی یاسایی و تەنافی ئیعدام و زیندانی هەتاهەتایی لەپێش تاوانباراندا نەماوە، هەتا ئەوان سڵی لێبکەنەوە. تاوانێک بەپارە چارەسەربکرێ و سپی بکرێتەوە، بۆ پیاوی پارەدار بەئاسانی ڕایی دەبێ. بۆیە ڕەنگە ئەوانەی بەدوای پاککردنەوەی شەرەفی لەوتاویاندا وێڵن، لەکوشتنی ژنان بێباک بن.

لەهزری پیاوی دووسەرە، ئاینی و خێڵەکیدا، ژن باری گرانتر بووەو بەهای ئینسانیی تەواو دابەزیوە. پێموایە ئەم دروشمەی ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان، کە دەڵێ: ((بێ حیجابی ژن نیشانەی بێ غیرەتی مێردەکەیەتی!)) لە ژێر کاریگەریی دوولانەی خێڵ و ئاییندا بەرهەم هاتووە. تۆ لەوەی گەڕێ، کە دەقێکی وەها ڕاستەوخۆ لە قورئاندا نییە،

حیجاب بەسەر ئافرەتدا بسەپێنێ. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە قژ لە ورووژاندنی سێکسدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. نەۆ هەندێ ئافرەتی ئەورووپایی وەک پیاو سەریان سفر دەتاشن و پرچیان لەلا مەبەست نییە. بەڵکو ئەم حیجابە تەنیا بۆ کەمکردنەوەی نرخی ئینسانیی ئافرەتە. بەڵام ئەو دنەدان و غیرەتنانە بەر مێردەی، کە لە دروشمەکەدا هاتووە، زیاتر لە هزری خێڵدا خۆی دەبینێتەوە و هەر دەڵیی هەردوولایان بەناوکۆیی دروشمەکەیان داڕشتووە.

لەگەڵ پێشفەچوونی ڕەوتی مێژووی چەمک و قەوارەی خێزانیش گۆڕانی بەسەدا دێ، بەتایبەت لەم نیو سەدەیەی دواییدا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر قەوارەی خێزاندا هاتووە. بەتایبەت لە ئەورووپا خێزانی ناوکی (ژن و مێرد و منداڵەکان) هەرەشەی زۆری لەسەرە. دیارە ئەمەشیان هەر دیاردەیەکی ناجۆرە. بەڵام دەقەپیرۆزەکانی ئاین و وتەجێگرەکانی خێڵ دۆگمان و هێشتا هەر وەک بەرد لەجێی خۆیانن. گۆڕانیان بەسەردا ناهاتووە. مێنتەلێتی خێڵ لە فۆرمی جیاجیادا خۆی بەرهەم دەهێننەوە. هەندێک لە پاڵنەری هەموو ئەو ناڕەواییانەی، کە بەرانبەر بەژن دەکرێن، دەبەنەوە سەر ئایین. ئەوی ڕاستیبێ ئەم ڕایە ناڕەواییشی تێدایە؛ چونکە زۆرێک لەو پیاوانەی، کە نابەرابەرو نزم بۆ ئافرەت دەڕوانن بڕوایان بەهیچ ئۆل و ئاینێک نییە. بەڵکو زۆرترینی ئەو ناهەقییانەی دەیکەن لە دەمارگیریی خێڵەکییانەوە سەرچاوەدەگرێ.

دەبێ باسی ئەوەش بکەین، کە لەئاینی ئیسلامدا خواوەند نێرە (( قل هو الله أحد)) واتە: (( بڵێ تەنیا یەک خوا هەیە.)) یان (( هو الله الخالق الباریء المصور وله الاسماء الحسنی.. )) بەڵام ((هو)) لە زمانی عارەبیدا جێناوی تاکی نێرە. ئەمەش بێ چەندوچوون مانای وایە ئاینی ئیسلام پەسەندی نێری بەسەر مێدا داوە.

وەکوتر ئاینی ئیسلام نەک هەر دژی سیستمی خێڵایەتی نەبوو بەڵکو هەر لەسەرەتای سەهەڵدانییەوە سوودی زۆری لە خاسییەت و مێنتەلێتی خێل، وەک سوارچاکی و زەبردەستی و شمشێربازی و ڕاووڕوت و جەنگی بەردەوامی نێوان خێڵەکان و فراوانخوازیی بینی و خستییە خزمەتی بڵاوبوونەوە خێرای خۆیەوە.

((آمنه بو عیاش)) لەنووسینەکەی خۆیدا بەناوی ((بارو دۆخی ژنی مەغریبی لەنێوان هەندێک تۆژینەوەوە)) دەڵێ: (( ئیسلام جارێکی دیکە پێوەندییە پاترێرکاڵەکانی پێش سەردەمی خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. جارێکی دی پشتەوانی لە خێزانی پاترێرکاڵ کردووەو لە قەڵەمڕەوی خۆیدا پایەکانی خێزانی پیاوسالاریی چەسپاندووە. واتە بەهاتنی ئایینی ئیسلام گۆڕان و بادانەوەی گەوهەریی لە پلەو پایەی ژندا نەهاتۆتە ئاراوە. بەڵکو، ئیسلام دیسانەوە ژنی پەراوێز خستووە، ئەگەرچی ئەو ژنە تاکێکی هوشیارو بەرهەمهێنیش بووبێ و لەدەرەوەی ژینگەی ماڵدا تاکێکی کاراش بووبێ!.. أبحاث. العدد السابع، السنه الثانیه. شتاء 1985)) سەرنج بدە چۆن ئاین و خێڵ پێکەوە هاریکاریان کردووە؟

## شووکردن بەتەمەنێکی کەمەوە

خێڵەکی ساڵ و مانگ دەژمێرێ و خوا خوایەتی هەرچی زووترە کچەکەی بەشوو بدات و لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. نەبادا ڕووزەردی و عەیبەی بەسەردا بێنێ. لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا دەڵێن (( لینگی بە باگردێندا بگاتەوە، مانای وایە وەختی شوویەتی!)) ئەمەش مانای وایە ڕەگەزی مێ لە تەمەنی منداڵیی؛ بە هەموو جوانی و پاکی و گەمەو مەزاق و بەرائەتێکییەوە بێبەش دەکرێ. هەرکە تەمەنی گەیشتە چوار پێنج ساڵان ئیدی یاریی و هامشۆی نێو منداڵانی نێرینەی لێ قەدەغە دەکرێ و پێیدەڵێن: (( تۆ ژنێکی!))

بۆ خۆم ساڵانێک لە قوتابخانە ناوەندییەکانی کچانی شاری سلێمانیدا وانەبێژ بووم. چەندین جار ڕێککەوتووە، قوتابییەک بۆ ماوەیەکی زۆر دیارنەدەماو پشتی دەکردە خوێندن. کاتێ هەواڵم دەپرسی، هاوپۆلەکانی بەدەم زەردەخەنەوە دەیانگوت ((شووی کرد!)) هەرچی قوتابیی قۆناغی ناوەندیشە تەمەنی لەنێوان 12 ـ 15 ساڵیدایە. دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە ئەم ڕوانینە چەوتەی خێڵ بۆ ڕەگەزی مێ، لە سۆنگەی دواکەوتنی کۆمەڵایەتییەوەیە، کە لەکن پیاوانی خێڵ

لەوپەڕیدایە. چونکە خێڵ هەرچی کۆنتاکت بێ بەڕووناکبیرییەوە نییەتی. بەڵکو لێیدەترسێ! هەندێ جاران نەفرەتیشی لێدەکا.

لەم ڕووووەوە (زهير كاظم عبود)، لە کتێبی (الشبک في العراق)دا، نووسیوێتی (( کوڕان و کچانی شەبەک بە تەمەنێکی کەمەوە زەماوەند دەکەن. کەس و کاریان وەهای بەباش دەزانن، چونکە یەکەم: کوڕەکانیان بەهۆی ژن هێنانەوە ببەستنەوە، تاکو لەڕووی دەروونییەوە سەقامگیر ببن. دووەم: هەست بە بەرپرسیارێتی ژیانی خێزانی بکەن. سێیەم: تاکو ئەزموونی زیاتر پەیدابکەن و پشت بەتوانای خۆیان ببەستن.. سەرەڕای ئەوەش شەبەک پێویستیان بەوە هەیە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان فراوان بکەن تاکو بتوانن فریای کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ماڵات و پرۆسەی ناردنە بازاڕی بەروبوومە ئاژەڵی و کێڵگەییەکانیان بکەون، کە لەخۆیدا پێویستیی بەژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان و ئەندامانی خێزان دەبێ. ل/230))

## لەسایەی خێڵدا. چەوساندنەوەی مێ بەردەوامە

زۆر جاران لەنێو ماڵە ئاغا و شێخە دەوڵەمەندە خاوەن دێیەکاندا کچ بە تەواویی تێدا دەچێ. هەموو ئاواتەکانی دەباتە ژێر گڵەوە و شوو ناکات. زۆر جاران هەر بە قەیرە کچی دەمرێ. ئەوان بۆ ئەوەی ڕێ لە کچەکەیان بگرن نەبادا بەشە مڵک لەگەڵ خۆیدا بباتە ماڵە مێرد، گەلێ جاران کچەکەیان بەشوو نادەن ئەگەرچی ڕۆژانە خوازبێنیکەر بەر دەرگەشی پێگرتبن. بەڵکو هەرجارەو بەبیانوویەکەوە دەست بەڕوویانە دەنێن. کچەش هەناسەسارد، هیچ دەسەڵاتێکی نییە. سەرنج بدەن چۆن هەندێ جاران دەوڵەمەندیی خێزان، بە زیانی مێینە دەشکێتەوە!

ئافرەت کاتێ لێیدەقەومێ، مێردەکەی دەمرێ و بێوەژن دەکەوێ، چەند گەنجیش بێ، هێشتا هەر بەپێی نەریتی خێڵ دەبێ تاماوە بۆ مێردەکەی بەوەفابێ! دەبێ بەرگی ئازیەتباری بپۆشێ و فرێی نەدا. قنیاتی هەبێ. سەر کزبکا و بەدیار منداڵەکانیەوە دابنیشێ و بە بێوەژنکۆشی بەخێویان بکات و بیر لە شووکردنەوە نەکاتەوە. هەر لەگەڵ دەسرۆکەیەکی سوور، یان سەرپۆشێکی غەیری سپی و شین و ڕەشیان بەسەرەوە بینی خێرا ماڵەخەزوورانی لێی دەکەونە تەقە؛ گوایە حەزی لە شووە. وەک شووکردنەوە تاوانێکی گەورە بێ.

دەبێ بێوەژن بەسەر نەفس، غەریزە و ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ بێ و بیر لە شووکردنەوە نەکاتەوە. وەک ئەو پارچە زەوییەک بێت و لەسەر ئەوان تاپۆبێ، یان ئۆتومبیلێک بێت و (سالانەکەی) بە ناوی ئەوانەوە تۆماربێ. شەرماوەرترینی ئەم دۆخەی ئافرەتی بێوەژن تێیدەکەوێ لەوەدایە کاتێ شووبراکەی، کە هەتا دوێنێ بوو وەک خوشک و برا تەماشای یەکیان کردووە، کەچی برای مێردەکەی بێشەرمانە تەماحی تێدەکات و دەیخوازێ. ئەمەیان ئاکارێکی تەواو نابەجێ و شەرماوەرو نائینسانییە، ڕێک لە ئاکاری ئاژەڵ دەچێ!

کاتێک ژن، بەتایبەت کەیبانۆی ماڵ؛ مێردەکەی دەمرێ، مانای وایە تەواو لێیدەقەومێ. چونکە هاوسەرو سەرپەرشت و سەرچاوەی دەرامەتیشی لەدەست داوە. کەچی سەرباقی ئەوانە کوڕانی خێڵ لەبەستە و مەقامەکانیاندا، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە تیتاڵی پێدەکن و گۆرانی ناجۆری بەسەردا هەڵدەن: (( بێوەژن دەڵێ منالم وردە، یەکێکم دەوێ بەقەد ئەو گردە!.. هد)) خۆ ئەو بێوەژنە دەستی لە مردن یان لە ئەنفالی پیاوەکەیدا نەبووە، ئێوە لەبریی ئەوەی بیلاوێنن، بۆچی دەیکەنە مەزە؟ کەچی لەم جۆرە گۆرانییە سەقەتانە بەسەر بێوەپیاو یان بێوەمێرددا هەڵنادرێ! لێرەدا بەڕوونی دیارە، بێوەژن دووجاو سێجا، بەشخوراوو چەوساوەیە!

وەک دیتان پیاوی خێڵەکی زۆر داواکاریی لە ژن هەیە و کەمی پێشکەش دەکا. لێرەدا پێم باشە ئاکارێکی، یان سزایەکی شەرماوەری زووی خێڵەکییانە بیر خوێنەر بهێنمەوە ،کە مرۆڤ بەبیستنی ددانی هاڵ دەبێتەوە و بێزی لێدەکاتەوە..

ئەگەر هاتو کچێک لە دەستی قەوما و لە دەرەوەی هاوسەرگیریی، لەگەڵ پیاوێکدا تێکەڵ بوو، ئەگەر پێیزانرا، ئەوا سوک و باریک بەگوێزان پاک پاک سەری کچە دەتاشن. خوڵ و دۆی بەسەردا دەکەن و پاشەو پاش سواری کەرێکی کوڵی دەکەن و (( کەرێک کلکی کورت بێ)) منداڵ و تاڵ بەتەنەکە لێدان دوای دەکەون و لەدێ و خێڵ قاوی دەدەن.. ئەو جمێنە، یان ئەو تووک و نزایەی، کاتێ بەئافرەتێ دەڵێن: ((سەرت بەتاشین چێ!)) لەم کلتووره ڕزیوەی خێڵەوە سەرچاوەی گرتووه! تۆ سەرنجی ئەم سزاو ئاکاره دزێوەی خێڵ بدە: تەنانەت ئەو کەرەیش، کە کچەی سواردەکەن دەبێ عەیبداربێ!

بەپێی فەرهەنگی خێڵ، ئەو هەموو توندو تیژی و نارەواییانەی، کە پیاو دەرهەق بە ژن ئەنجامیان دەدا، هەندێ جاران بەپێی ڕەسم و یاسا ڕزیوە نەنووسراوەکانی خێڵ، واتە لەودیو دادگاو یاسای سەردەمەوە، پیادەدەکرێ. گەلێ جارانیش بەکوشتن دەشکێتەوە. دەبێتە مایەی شانازی بۆی و بە جوامێریی بۆی حساب دەکرێ و خۆی پێوە بادەدا! بێئەوەی ئەو مێینەیە بتوانی بەرگریی لە خۆی بکا.

جێی ئاماژەپێدانە بەعس لە دوامای حوکمی خۆیدا، لە ڕێگەی (المجلس الوطني) یە کارتۆنییەکەیەوە، بەپێی بڕیارێک گڵۆپی سەوزی بۆ پیاوان هەڵکرد تا سەرپشک بن لەوەی لەسەر مەسەلەی نامووس ژن و کچی خۆیان بکوژن. بۆیە ئاکارێکی چاوەڕوانکراوە لەحیزبە خێڵەکییەکان، ئەگەر ئافرەت کوشتن لەسەر مەسەلەی شەرەف بەکاری شۆڕشگێڕانە لەقەڵەم بدەن!

نووسەری ڕووس ئێس ڤی ڤیگین، لە ڕۆمانەکەیدا (لەسەرچاوەکانی دیجلەوە) لەمەڕ خێزانی خێڵەکیی کورد دەڵێ: (( ژن بەبێ ڕەزامەندیی مێردەکەی ناتوانێ پەنجە بەئاودا بکا. ئەگەر هاتو ژنێک خیانەتی لە مێردەکەی کرد ئەوا بەپێی ترادشیۆنی خێڵ، پیاو مافی ئەوەی هەیە گوێ یان لووتی ژنەکەی ببڕێ. دەسەڵاتی باب بەسەر ڕۆڵەکانیدا بێسنووره. ئەو باوکەی کوڕی خۆی بکوژێ و ئەو کوڕەی باوکی خۆی بکوژێ، هەردوولایان بێنرخن و پشتیان تێدەکەن و لە خێڵ قاویان دەدەن. ترادشیۆنەکان؛ گوێڕایەڵیی تەواوی ئەندامانی خێزانیان بۆ باوک مسۆگەرکردووه. لە هەمان کاتدا باب ئەرکی سنووررداری لە ئەستۆدایە. ئەو بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی خێزان و شەرەفی ڕۆڵەکانی دەکا. ئەگەر هاتو کوڕێکی قەومادی و کچێکی فڕاند (هەڵیگرت)، ئەوا باوک بەو موڵک وماڵەی هەیەتی بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ. ئەگەر یەکیک لە کوڕەکانی تاوانی کوشتنی لە دەست قەوما، باوک خۆی سوڵح و مەسڵەت چێدەکات. ئەرکی سەرشانی بابە، ژن بۆ کوڕی بهێنێ و مارەیی دەزگیرانەکەشی بدات و دیاریی پێببەخشێ. هەروەها دەبێ کچی خۆی بەمێرد بدا و دیاریی پێشکەش بکا. لە خێزاندا کوڕ پلەوپایەی لە کیژ بەرزترەو کوڕی گەورەیش لە هەموو ئەوانی دی.. ل/66 ))

هەر سەبارەت ترادشیۆنەکانی خێڵ نووسیوێتی: (( لە بڕوای میلیی کورداندا ئاگر لە توخمە پیرۆزەکانە.. کاتێ منداڵێک لە دایک دەبێ بەدەوری ئاگردانەکەیاندا دەیگێڕن.. کیژ کاتێ مێرد دەکات و خۆی بۆ جێهێشتنی ماڵەباوانی ئامادە دەکا، دەبێ بەدەوری ئاگردانەکەیاندا بسووڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە چۆڵکردنی ماڵەکەیان ئاکاداریان بکاتەوە. ل/67)).

لەم ڕۆمانەدا، کە ڕێک داب و نەریتی خێڵەکوردەکانی سایەی دوامای دەوڵەتی عوسمانلیی، بێکەم و زیاد سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهان بەرجەستە دەکا؛ عومەربەگی گەورە سەرخێڵی هەکاری، کە هۆبە و هەواری نزیک جۆڵەمێرگ هەڵداوه. خۆی سەری (کوتور)ی سەر سنووری نێوان ئێران و تورکیای داوە و کیژی ئیسماعیل ئاغای سەرخێڵی شکاکی (سمکۆی شکاک) بۆ ئیبراهیم بەگی کوڕی خواستووه. دواتر (عادیلە خانم)ی خێزانی سمکۆ، واتە دایکی بووکێ بۆخۆی لەگەڵ کیژەکەیدا هاتووه. لێره، لە لایەن خودی عومەربەگەوە پێشوازیی تایبەت و بەشکۆیان لێدەکرێ و دوو ڕەشماڵی تایبەتیان بۆ تەرخان کردوون و ڕەشماڵ بەگەڵای دارگێلاس و گوڵ ڕازاونەتەوە. بووکێ کە تەمەنی لە دەوروبەری 14 ـ 15 ساڵیدایە، لێره، مەلای قەڵەمڕەوی عومەربەگ لەزاوای مارەدەکات.. کچانی خێڵ بەدەف و بلۆێر، گەڕی سەمای کوردان (چۆپی) گەرمدەکەن.

له (ل/69)دا هاتووه: (( ئافرەتانی گەلانی موسوڵمان ئازادیی ئافرەتی کوردیان نییه، کاتێ ژنان و کچان سەربەبێ سەرپۆش / حجاب، لەماڵ دەردێن، بێئەوەی تۆزکاڵێک تەنیاییان پێوەدیاربێ.))
یێک لەباری کوردی ئێزدی له لاپەڕە 78ی ئەم ڕۆمانەدا هاتووه: (( ڕێزگرتنی دایک و باب و ملکەچی بۆیان خدەیەکی کۆمەڵایەتییه. ئێزدی بەهیچ جۆرێک بۆی نییه له دەرەوەی میللەتەکەی خۆی ژنخوازی چێبکا. (شێخ) سرووتی مارەبڕین بەخوێندنەوەی هەندێ نماز ڕادەپەڕێنی. دوای ئەوه ئاشکرای دەکاو لای هەمووان ڕایدەگەیێنێ، که ئیدی ئەو جووته بەپێی ڕێبازی ئێزدایەتی بوونه ژن و مێردی شەرعی. بەڵام ئاهەنگەکانی تایبەت بەژنهێنان، بەهەمان شێوەی کوردەکان بەڕێوەدەچێ. ئێزدی بۆی هەیه دوو ژنی هەبێ. جیابوونەوه (تەڵاق) ڕوونادات، مەگەر یەکێکیان خیانەتی لێدەربکەوێ. ئەگەر ئێزدییەک ژنی ئێزدییەکی دیکەی فڕاند، ئەوا دەبێ بەخوشکێکی یان بەکچێکی قەرەبووی بکاتەوه. یان دەبێ پاره بدات. دوای مەرگی باوک، میرات له نێوان کوڕەکاندا دابەش دەکرێ و دەبێ بچنه ژێر باری سەرپەرشتی دایکیان.))
لێرەدا وا بەدیاردەکەوێ لەکن ئێزدییەکان خوشک هیچی له میراتی پێنابڕێ.

## سوڵحی عەشایەریی و مافی ژن:

نهۆ سوڵحی عەشایەری، واته مەسلەت، بۆته کلیلی چارەسەر بۆ زۆر کێشەی خوێن، که لەنێو ئەندامانی خێڵ یان تاکه خێڵەکییەکاندا ڕوودەدات. ئەم پرۆسەیه لەخۆیدا بێڕومەتکردنی یاساو دەستەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندیشه، لەکاتێدا خەڵکی مەدەنی دەخوازن یاسای شارستانی بڕیاردەرو سەروەر بێ. ئەم یاسا خێڵەکییه، دەستەڵات به(نووسینگه کۆمەڵایەتییەکان) دەدات لای خۆیانەوه بکەونه بەینەوه و چارەسەر بۆ کیشه هەره قورسەکانی وەک پرسی کوشتن، که ناوی (کوشتن لەسەر شەرەف) یان لێناوه بدۆزنەوەو بەم پێیه (دەعوا)که دادەخەن. بەڵام ئەم یاسایه، که بێگومان مێنتەلێتی خێڵی لەپشتەوەیه، بەگشتیی بەزیانی ژن شکاوەتەوه. چونکه بەپێێ ئامارەکان، لەسایەی ئەم یاسایەدا، ژمارەی ژنی لەسەر شەرەف کوژراو له هەڵکشاندایه. له ڕاستیدا خودی ئەم یاسایه هاندەره بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتن.
بەڵام تۆ وەره بەچاوی سەردەمەوه بۆ ئەم مەسلەته بڕوانه.
یەکەم: گەڕانەوەیه بۆ یاسای سەردەمی خێڵه بەشەڕهاتووەکان.
دووەم: ڕێکخراوەکانی ژنان، وەک هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری هەره لەپێشیان بەرگریکردنه لەمافی ئەندامانی خۆیان. وەلێ ئەم یاسایه چەپ و ڕاستێکی بەسەر ئەرکی هەر گرنگی یەکێتیەکانی ژناندا هێناوه و شەرعییەت بوونی خودی ڕێکخراوەکانیشی خستۆته ژێر پرسیارەوه.
سێیەم: وەک چۆن خەڵکی لەبریی گاوگۆتاڵ و ئۆتومبیل و کاڵا لەبەینچووەکانیان خەرامان وەردەگرن، ئەم یاسایەش هەمان شێوه مامەڵه لەتەک ئافرەتدا دەکات و ژنی کوژراو بەبڕێک پاره، که (خوێنبایی)یان ناونراوه قەرەبوو دەکرێ. گەلێ جاران خوێنبایی ژن نیوەی خوێنی پیاوه. دیاره ئەمەشیان لەڕوانینی ئایینەوه سەرچاوەی گرتووه. بەم پێیه سوڵحی عەشایەریی، ژن له ئینسانییەت ڕووت دەکاتەوه.
چوارەم: گۆڕینی ئاراستەی تاوانی کوشتنی مرۆڤ به ((تۆڵەی شەرەف))، که لێرەدا، لەبریی ئەوەی یاسا، تاوانبار وەک مرۆڤکوژ بناسێنێ و سزای بدا. ئەوا بکوژەکه خۆی به تاوانەکەیەوه هەڵدەکێشی، گوایه کوڕە ئازاکەی خێڵەو توانیوێتی له بریی هەموویان شەرەفی لەوتاوی بنەماڵەیەک یان خێڵێک پاکبکاتەوەو بیهێنێتەوه جێ.

## چەمکی جوانیی ژن لەدیدی پیاوی خێڵەکییەوه:

جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە، چەمکی جوانیی ژن، لەکن پیاوی خێڵەکی، تەواو پێچەوانەی سەردەم و زانستەو هەتا بڵێی ناشارستانییە. لە کاتێکدا لەدنیای نوێدا قەڵەوی بەگشتی، یەک لەباری ژن و پیاو بەنەخۆشی دێتە ژماردن و هەموو دنیای مۆدرن وایان پێجوانە ئافەرەت بەژن زراڤ، واتە باریک و میسری گۆشت بێ، کەچی بەلای پیاوی خێڵەکییەوە تەواو پێچەوانە کەوتۆتەوە. ئەو پێی جوانە، جەختیشی لەسەردەکا ژنەکەی دەبێ کەتەو چوارپەل قەوی و گۆشتن بێت و بلەرێتەوە!

ڕەنگە پیاوی خێڵەکی لەلای خۆیەوە وەهای بۆچووبێ گوایە ئەگەر ژنەکەی گۆشتن بوو ئەوا بۆی هەیە بەژمارەی زۆر نەوەی ساغ و بەهێزی بۆ بخاتەوە. جگەلەوەی تاکی خڵەکی لە هەمان گۆشەنیگای مەڕو مالاتەکانێوە، پەیکەری ژنەکەی دەبینێ و دەنرخێنێ. دیارە ئەو لای پەسەندە هەردەم مەڕەکانی دووگ شۆڕو قەڵەو بن. گاو گۆتاڵەکانی ئەوەندە زەلام بن و بەدەرگەی ئاغەڵەوە نەچن.

پێدەچێ بێمەڵامەت نەبێ کاتێ کاکی گۆرانیبێژی میللی ئاوا دزێو نیگاری دەسگیرانەکەی دەکێشێ ((هەر دەڵێی پانێرەیە و دێتەوە لە ڕێی کانی!)) ئێوە سەرنج لەو وێنە دزێوو ناجۆرە بدەن. کاکی گۆیندەی خێڵەکی، هاتووە یارەکەی بە ((پانێر، پارێن)) چوواندووە، کە دەکاتە: گوێرکەی دوو ساڵە! ئەو خۆزیاو بریایەتی دڵدارەکەی وێنەی پارێن گۆشتن و بەهەیکەل بێ!

ئەمە ڕوانینی هەموو جڤاکێکی خێڵەکییە بۆ جوانیی ژن. پیاوی خێڵەکیی لە سۆماڵ، بەلایەوە پەسەندە و خەونیشی پێوە دەبینێ ژنەکەی بە تێکسمڕاوی و قەڵەوی ببینێ. لە وڵاتی (مۆریتانیا)ش، ساوای مێینە هەر یەکسەر دوای لەدایک بوونی لەشیری دەگیرێ. بەو مانایەی لەماڵەوە دایدەبەستن و دەبێ ڕۆژانە بەپێی بەرنامەیەکی ڕەنگ بۆرێژراو؛ تادەگاتێ، بەلیتر شیر بخواتەوە، بۆ ئەوەی قەڵەو بێت و کاتێ گەیشتە سونعی شووکردن ڕمێنی زۆر بێت و خوازبێنیکەر زوو بگەنەسەری. چونکە لەکن ئەوانیش مەرج و پێوەری سەرەکی بۆ جوانیی ژن، قەڵەوییە!

## ژنان لەگەمەی (شەڕە گاگەڵ)دا:

شەڕە گاگەل نەریت و کلتوورێکی زۆر دێرینە. نەۆ لانیکەم لە دیوێ باشووری کوردستان بەرچاوناکەوەێ و هیچ ئاسەواری نەماوە. گەمەکە زیاتر لە نوێژەبارانەو بووکەبەبارانێوە نزیکە. کاتێ پاییز بەسەردەچێت و پەڵە دوادەکەوێ ئەوجا ئەم گەمەیە دەکرێ. وەلێ نوێژەبارانە کاری پیاوانەو زیاتر مۆرکێکی ئایینی لەخۆدەگرێ. هەرچی بووکەبارانەشە، نمایشێکی گەڕۆکی سەرەتاییە بەو حسابەی منداڵان پاک و بێگوناهن و نزانیان لای خواوەند گیرایە. بۆیە ڕاپەڕاندنی ئەم سرووتە بەوان دەسپێرن.

بەڵام شەڕەگاگەل گەمەیەکی سەیرو خەتەرناکە، لە سرووتێکی (طقوس) سەردەمی پێش مێژوو دەچێت. یان لەوانەیە پاشماوەی سرووتەکانی ئایینی زەردەشتی بێت. پیاوان بەژنیان ئەنجامداوە. بۆخۆیان لەم گەمەیەدا زیاتر بینەربوون. یان بەشدارییەکی کەمیان تێداکردووە.. گەمەکەیش ئاوەها بەڕێوەچووە. ڕۆژگاری زوو، هەر ساڵێک ئاژەڵ بەگشتی شیری کەم بوایە یاخود بێبارانی ڕووی کردبێتە ناوچەکە، ئەوا ((ژنان))ی دێ بۆیان هەبووە هەڵبکوتنە سەر گاگەلی گوندێکی دیکە. بڕبکەن و بەتۆپزی لەگاوانی بستێنن و بەرەو گوندی خۆیانی پێشیبدەن. کاتێ گاگەل بەخورتی دەفڕێنرا، ئیدی گاوان ناچار دەما بەهەڵەداوان بگەڕێتەوە دێی خۆیان و هەواڵەکە بە ((ژنان))ی دێ ڕابگەیێنێ!

ژنانی گوندیش دەستیان دەدایە تێلا. هەندێ جاران پاشیلیشیان پڕی خۆڵەمێش ((خۆڵەکەوە، بووڵ)) دەکردو لەنێوەی ڕێ بەژنانی گوندەکەی دیکەو گاگەلی فڕێندراوی گوندی خۆیان دەگەیشتن. ئیدی لەنێوان هەدووولادا بەتوندیی دەبووە زرم و بکوت. لەیەکیان دەداو سەرو چاوی یەکیان پڕلە خۆڵەکەوە دەکرد. لەم ناوەدا گاگەڵ مێشەی دەکردو

بەجارێک دەبووە گابۆڕو فڕکان فڕکانێک، کەس نەیدەپەرژایە سەرکەس. ئاکام، سا یان گاگەلەکەیان گلدەدایەوە یاخود بەرەو گوندی شالاوبەر دەدرایە بەر.. گەلێ جاریش چەند ژنێکی سەرسپی دەکەوتە نێوانیانەوەو ڕێکی دەخستن.
خۆ ئەگەر ژنانی دێ گاگەلەکەیان بۆ نەگێڕایەتەوە، ئەوا پیاوەکان بەشوێنیاندا دەچوون و شەڕەکە دادەمردەوە.. کاتێ پیاوان دەچوونە دوای گاگەلی خۆیان. ژنانی ئەولا پێیان دەوتن: (( ژنەکانتان بۆیان نەسەندرایەوە، دە ئەوجا فەرموون ئێوە گاگەلەکە ببەنەوە!)) بەم پێیە بێقرە لەگەڵ ژنە شەکەتە، تێهەڵدراوە، چاو پڕلە خۆڵەکەوەو ماندووەکانیاندا ڕێ و ڕێ دەگەڕانەوە گوندی خۆیان و گاگەلەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە..
لێرەدا گەمەکە تەواو دەبوو. گوایە دوای ئەم بەزمە ئیدی باران دەبارێ. جێی سەرنجە ژنان گەمەکە ئەنجام دەدەن و پیاوان زیاتر بینەری ئەم قەوماوە سەمەرەیەن. دیارە بێشیریی یان کەمشیریی مالات و وشکەساڵی پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. تۆ سەرنج بدە پرۆسەی بارانبارین، کە دیاردەیەکی سروستییە، بەرەوڕووی گەمەیەکی تاقەتپڕووکێنی دەکەنەوە، و بەژنانی ڕادەپەڕێنن.
دیارە ئەم گەمەیە توانایەکی جەستەیی زۆری گەرەکە. چونکە گا گیاندارێکی بەهێزەو هەروا بەئاسانی بۆ ژنان دابین و بەرزەفت نابێ. گاوانیش هەردەم پیاوبووە.. گەرەکە پیاوێکی بەهێزو هەرەکەتیش بێت. تۆ هەروا بیهێنە پێش چاوی خۆت. بەدەیان ژن بەسەرو گوێلاکی شکاوو جلکی دڕاوەوە. بە پشووی سوارو چڕوچاوی پڕلە خۆڵەکەوەوە لە نێو فڕکان فڕکانی گاگەلێکی ترساوی مێشەکردوودا و بەدەم گابۆڕەوە هەر یەکەو بەلایەکدا کلکی خۆی کلافەکردبێت و هەڵبتیزێنێ.. پیاوانیش بۆ خۆشی خۆیان سەرنجی ئەم دیمەنە تراجۆکۆمیکە بدەن و تا لالغاوەیان دەڕەوێتەوە قاقا پێیان پێبکەنن! جێی باسە ئەم گەمەیە هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش هەر مابوو.
لەکۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێم: پێویستە ڕووناکبیران لەئاستی نابەرابەریی پیاوو ژندا لایەن بگرن و هەڵبدەنێ. ئەوان دەبێ لایەنی بزاڤی ژنان بۆ دەستەبری مافەکانیان و هاوسانییان لەگەڵ پیاودا بگرن. پێموایە جڤاکی کوردەواریی، ئێستا جیا لە هەر کاتێکی دیکە بەگوڕتر لەهەڵچوون و گۆڕاندایە. بۆیەکا مرۆڤی خێڵەکیی جیاوازیخوازو توندڕۆی مەزهەبی لە هەوڵی بەرزڕاگرتن و هێشتنەوەی هەرچی زۆرتری پیاوسالاریدان و لە هەموو کاتێک پتر فشاریان بۆ سەر ژن هێناوە. بەناوی ناموس و شەرفپارێزییەوە دەستیان لە کوشتنی ژناندا هەیە. خەباتی شارستانی و هاوچەرخ لە دژی نێرمەزنی و پێشگرتن لەدیاردەی کوشتن لەسەر شەرەف و ئیعدام بەگشتی، لەخۆیدا ئەوپەڕی مەدەنییەتە... تەواو